# یاسای بەرابەر کردنی بڕوانامەی قوتابخانە ئایینییەکانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بە بڕوانامەی قوتابخانە ئیسلامییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٣٤
مێژووی بڕیار: ١٩٩٧/١١/٢٦

**«بڕیار»**

بە پێی حوکمەکانی بڕگەی یەکەم لەماددەی پەنجاو شەش لەیاسای ژمارە «١»ی سالی ١٩٩٢ و لەسەر داواکاری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بە رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٧/١١/٢٥ی دا ئەم یاسایەی دەرهێنا:

## یاسای ژمارە «٩»ی سالی ١٩٩٧
## یاسای بەرابەر کردنی بڕوانامەی قوتابخانە ئایینییەکانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بە بڕوانامەی قوتابخانە ئیسلامییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە

**ماددەی یەکەم:**

بڕوانامەی خوێندنی هەردوو قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی قوتابخانە ئایینییەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بەرابەر دەکرێ لەگەڵ بڕوانامەی خوێندنی هەردوو قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی قوتابخانە ئیسلامییەکانی (دوا ناوەندی خوێندنی ئیسلامی) سەر بە وەزارەتی پەروەردە، بەمەبەستی دامەزراندن و وەرگرتن لە کۆلیژی شەریعەو بەشی خوێندنی ئیسلامی لە کۆلیژی ئاداب لە زانکۆکانی هەرێم، دوای ئەوەی تاقیکردنەوەکانی وەزاری گشتی بە پێی یاسا دەبڕن.

**ماددەی دووەم:**

دەبێ وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**